# پەیوەندی نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کورستان دوای ریفراندۆمی 2017

## بەشی یەکەم: دەروازەیەك بۆ ناساندنی چەمکەکان ، مێژوو و جۆرەکانی ریفراندۆم

ئەم بەشە لە دوو باس پێیکدێت کە باسی یەکەم لە دوو تەوەر پێکدێت تێیدا چەمکی هەرێم و هەرێمی کوردستان و ریفراندۆم لە رووی زمانەوانی و زاراوە روونکراوەتەوە ، وە باسی دووەمیش مێژوو و جۆرەکانی ریفراندۆم روونکراوەتەوە.

## باسی یەکەم: ناساندنی چەمکی هەرێم و ریفراندۆم

## تەوەری یەکەم: چەمکی هەرێم و هەرێمی کوردستان

## تەوەری دووەم : چەمکی ریفراندۆم

Commented [ar1]: پێویست ناکات لێرە بینووسی، لە دوای تەواو بوونی تەوەری یەکەم یەکسەر وەرە سەر تەوەری دووەم.

### هەرێم لە رووی زاراوە

بە ناوچەیەکی یەکگرتوو و پێکەوە گرێدراو دەگوترێت کە خاوەنی هەندێ پێوەری هاوشێوەن و بەم پێوەرانەش لە دەورووبەری جیادەکرێتەوە [1] .

### هەرێم لە زمانەوانیدا

مانای رووبەرێکە لە زەوی و جیادەکرێتەوە لە دەوروبەری بۆیە پێدەڵێن هەرێم چونکە سنووری جیاوازە لە هەرێمەکانی دەوروبەری [2] .

### پێناسەی هەرێم

هەرێم کۆمەڵێك پێناسەی هەیە بەلام ئێمە چەند پێناسەیەکمان وەرگرتوە کە بریتین لە مانەی خوارەوە :

-بریتیە لە تێکەڵەیێکی چەند توخمێك وەك زەمین ، ئاو، هەوا ، رووەك و مرۆڤ سەرجەمی هەموو ئەوانە و پەیوەندی هەر توخمێك بە توخمەکانی دیکەو بە شێکی دیاریکراوی رووی زەوی پێکدێنێت کە تایبەتمەندی خۆی هەیە

یا بە واتایەکی تر هەرێم بریتیە لەو مەودا جوگرافیە دیاریکراوە کە کۆمەڵێك خەڵك بە شێوەیەکی هەمیشەیی لەسەری نیشتەجێدەبن و دەسەلاتی سیاسی تێیدا پراکتیزەی سەروەری خۆی دەکات [3] .

- یاخود لە خاکێکی سنووردار پێکدێت کە کۆمەڵێك مرۆڤ لەسەری دەژین پەیوەندی چارەنووس و مێژوو بەیەکیانەوە دەبەستێت و ئاشنایەتی و پەیوەندی کۆمەلایەتی و مێژووی لە نێوانیاندا دروست دەبێت تا وای لێدێت بە یەك هەرێم دەناسرێن [4] .

- هەرێم لە فەرهەنگی ماکمیلان هاتووە " هەرێم رووبەرێکی گەورەیە لە ولات لە رووی سیاسی و جوگرافی و کلتوریەوە جیاوازە لە بەشەکانی دیکە " .

-وە لە ئینسکلۆپیدیایی عەرەبی هاتووە " هەرێم فاکتەری دووەم پێکدێنێت دوای نەتەوە لە مەرجەکانی بوونی دەولەتێك ، هەرێم چوارچێیوەی ناوەندی کیانی دەولەت دروست دەکات لە رووی کۆمەلایەتی ، لەگەل دیاریکردنی دەسەلاتی یاسایی بەسەر شمەك و تاکەکان . کەواتە دەکرێت بڵێین هەرێم بریتیە لە مەودایەکی جوگرافی دیاریکراو کە کۆمەڵێك خەلك لەسەری دەژین، پەیوەندی مێژوو و جوگرافی بەیەکیان دەبەستیتەوە و لە رووی سیاسی و جوگرافی جیاوازە لە بەشەکانی دیکە.

Commented [ar2]: سەرچاوە ئاماژە پێ بکە.

Commented [ar3]: سەرچاوە ئاماژە پێ بکە.

## هەرێمی کوردستان

وشەی کوردستان لە رووی چەمك بە مانای ولاتی کوردان دێت ، کە خاوەن دەولەتێکی سەربەخۆ نییە لە سنوورێکی سیاسی دیاریکراو ، درووستبونی کوردستان مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە بەلام وەك هەرێمێك بە ناوی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە بۆ دوای راپەرینی بەهاری سالی 1991 لەلایەن پەرلەمانی هەلبژێردراوی خەلکی کوردستان سالی 1992 دانی پێدانراوە ، وە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن و لە پالیشیدا کەمینەی تر دەژین، وە رووبەری هەرێمی کوردستان مەزندە کراوە بە نزیکەی (82737 کم$^2$) [5] وە هەندێك سەرچاوەی تر بە نزیکەی (85371کم$^2$) دەیخەملێنن کە دەکاتە 18% بۆ 20% رووبەری خاکی عێراق پێکدەهێنێت وە دەکەوێتە نێوان هەر چوار ولاتی ( تورکیا _ سوریا_ عێراق _ ئێران ) واتا دەکەوێتە باکووری خۆرهەلاتی عێراق ، وە لە دوایی پرۆسەی ئازادی عێراق و بەشداریکردنی کورد لە دووبارە بونیاتنانەوەیی و نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق [6] لە مادده 117ی برگەی یەکەمدا هاتوە ( ئەم دەستورە لە بەرواری پیادەکردنیەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەلاتەی ئێستایدا دەهینێت وەك هەرێمێکی فیدرالی ) ، وە لە برگەی دووەمدا هاتوە ( ئەم دەستوورە دان بەو هەرێمە نوێیانەدا دەنێت کە بە گوێرەی برگەکانی دەستوور دادەمەزرێن [7].

---

1کاریگەری فاکتەری نەوت لەسەر ئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان –عێراق ، زێندین مولود خدر، کۆلێژی زانستە سیاسیەکانی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر ، 2015 ، لا 5

2 کاریگەری فاکتەری نەوت لەسەر ئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان- عێراق،سەرچاوەی پێشوو،لا5.

3 بارزان جەوهەر سیان، گواستنەوەی دەسەلاتی فیدرالی بۆ باشوری کوردستان ، چاپخانەی رۆژهەلات ، چاپی یەکەم سالی 2011 ، لا 39 .

4 گەیلان عەباس – هاوکار رەفیق ، فەرهەنگی زانستی رامیاری ، چاپخانەی – ئاسیا ، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم سالی 2017 لا300.

5 کاریگەری فاکتەری نەوت لەسەر ئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان –عێراق ، سەرچاوەی پێشوو ، لا6 -7.

6 پارێزەر دلۆڤان رەمەزان ، ریفراندۆمی سەربەخۆیی گەلان لە روانگەی یاسای نێودەولەتی ، چاپخانەی رۆژهەلات _ هەولێر، چاپی یەکەم سالی 2020 ، لا 125 -133.

7 دەستووری هەمیشەیی عێراق.

Commented [ar4]: شێوازی پەروایز بە هەڵە دانراەوە، رۆژی ٤ شەمە بۆت روون ئەکەمەوە راستەوخۆ چۆن پەراوێز زیاددەکرێت لە بەرنامەی وورد.

## ریفراندۆم لە رووی زاراوە:

ریفراندۆم وشەیەکی لاتینی کۆنە [1] بۆ یەکەمجار لە سەدەی شازدە لە ولاتی سویسرا پیادەکرا [2] لە رووی زاراوەوە بە مانای ( گەرانەوە بۆ گەل دێت بە قبولکردن یان رەتکردنەوەی بابەتێك یان بابەتێکی یاسایی یان دەستوری یا سیاسی ، بەسیفەتی خاوەن سەروەری . واتا لە رووی زاراوەوە ریفراندۆم دەبێت دوو رەگەزی هەبێت :

یەکەم/ بابەتێکی گشتی بێت و پەیوەندی بە هەموو گەل هەبێت .

دووەم/ دەبێت گەل رای خۆی دەرببرێت بە قبولکردن یان رەتکردنەوە .

## ریفراندۆم لە زمانەوانیدا:

بەمانای " فەتوا "دێت ، وە فەتوا بریتیە لەو وەلامەی کە لە پرس و بابەتە شەرعی و یاسایەکاندا دروستدەبن . وە وشەی ریفراندۆم لە رروی زمانەوانیەوە لە وشەی (ریفر) ەوە دێت کە بەمانای هێنانەوە پاش دێت واتا هێنانەوە پاشی پرسیار بۆ دواوە بە واتایەکی تر هێنانەوەی پرسیارە لە خاوەن دەسەلات یان دەسەلاتەکان بۆ خەلکی [3].

## پێناسەی ریفراندۆم تاکو

ئێستا پێناسەیەکی دیاریکراو نییە بۆ ریفراندۆم کەوا هەموو زانایان لەسەری کۆکبن بەڵکو هەر زانایەك بە پێی بۆچوونی خۆی پێناسەیەکی بۆ کردووە ، لێرەدا کۆمەلێك پێناسە دەخرێتە روو:

-ریفراندۆم واتا "وەرگرتنی رای گشتی یە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو "[4] .

- یاخود "بەواتای راپرسی یان گشتپرسی دێت و ئەم پرۆسەیە کاتێك ئەنجام دەدرێت کە دەسەلات و لایەني پەیوەندیدار دەخوازن لە بەرامبەر پرسێکی دیاریکراو بیرو رای گشتی سەرجەمی لایەن و پێکهاتەکانی جەماوەرو هاولاتیان وەربگرن و بزانن ، واتا لێرەدا دەسەلاتی پەیوەندیدار تاکلایەنانە بریار نادات و دەگەرێتەوە بۆ رای گشتی "[5].

- یاخود بەو شێوەیە پێناسەی دەکرێت " پرۆژەیەکی دیموکراسیە بۆ گوزارشتکردن لە ئازادی بۆ دەستەبەرکردنی مافی چارەنووسی گەلان بۆ هێنانەدی ئەم مافە بەشێوازی دیموکراسیانە پەنای بۆ دەبەن[6] ، لێرەدا بۆمان دەر دەکەوێت کە ریفراندۆم واتا " پرۆسەیەکی دیموکراسیە بۆ وەرگرتنی رای گشتی (گەل) لەلایەن دەسەلاتی پەیوەندیدار سەبارەت بە بابەتێکی

---

1https://www.merriam-webster.com/dictionary/referendum کاتی سەردان 5\1\2021

2د. عەبدولرەحمان عالم وەرگێرانی دلاوەر عەبدولا- محەمەد کەریم ،بنەماکانی زانستە سیاسیەکان،بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی،2012 ،لا387.

3 پارێزەر دلۆڤان رەمەزان ، ریفراندۆمی سەربەخۆیی گەلان لە روانگەی یاسای نێودەولەتی ، چاپخانەی رۆژهەلات – هەولێر ، چاپی یەکەم ، سالی 2020 ،لا 32-33 .

**Commented [ar5]:** زانیاری تەواوی بابەتەکە بنووسە لە ناوی نووسەر و ناونیشانی بابەت تا دوایی.

**Commented [ar6]:** تەنها ناوەکەی بنووسە واتە وشەی پارێزەر لابدە زیادە.

4 د. عەدنان عەبدوللا رەشید،ریفراندۆمی بریاردانی چارەنووس چیە، گۆڤاری شرۆڤە، ژمارە 17 ساڵی2012 لا 5 .
5 گەیلان عەباس – هاوکار رەفیق ، فەرهەنگی زانستی رامیاری ، چاپخانەی ئاسیا – سلێمانی ، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم ساڵی 2017، لا 172.
6 پارێزەر دلۆڤان رەمەزان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا 34 .

Commented [ar7]: هەڵەیە نابێت پەراوێز بێتە ناو دەقی نووسین. بەڵکو لە کۆتایی لاپەرە بێت. ٤ شەممە پێت دەڵێم چۆن.

## باسی دووەم : مێژووی ریفراندۆم

ریفراندۆم یان گشتپرسی هەندێکجاریش بە راپرسی ناودەبرێت ، بۆ یەکەمجار لە سویسرا پەیرەوکرا لە بواری دبلۆماسی بەکاردەهات لەناو کانتۆنەکانی ئەو ولاتەوە بۆ ئالوگۆرکردنی ئەو پرس و بابەتانەی کە پەیوەستبوون بە دەسەلاتی فیدرالیەوە کە پێی ویستبوو لەلایەن کانتۆنەکانەوە دەنگی لەسەر بدرێت ،وە لە مادده 89 ی دەستووری سویسری ئاماژە کراوە بە ریفراندۆم لە ساڵی 1874 [1]. دواتر بەشێوەیەکی زۆر فراوان پەنایان بۆ ئەم میکانیزمە بردوە لەسەدەی بیست وە لەساڵی 1904 بۆ یەکەم جار لەلایەن ئەمریکاوە بەکارهات وەك ئەوەی دەولەتە کۆنفیدرالیەکان هەوڵی جیابوونەوەیان داوە لە ویلایەتەیەکگرتوەکان وە یەکەم ریفراندۆمیش لە ویلایەتی (ماساشوستس ) بەسترا لە ساڵی 1778 کاتێك راوێژ بە گەل کرا بۆ ئەوەی دەستبەرداری سەربەخۆیی خۆیان بن و بچنە پاڵ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کە تازە دروست ببوون [2] ، وە کۆمیتەی ئەوروپا لە هێلنسکی پایتەختی فینلەند کۆبونەوەکیان ئەنجامدا لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی 1991 کە لە پەرلەمانتارانی دەولەتەکان پێکهاتبوو کە ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ راگەیاندنی بریاری سەربەخۆیی کرواتیا و سلۆڤینیا لە 25 ی حوزەیران ، کە لە سەدا هەشتا و هەشتي 88% دەنگەکان بۆ سەربەخۆیی سلۆڤینیا دراون . بەلام سلۆڤینیکان بەهۆی دانپیانە نانیانەوە لەلایەن دەولەتانەوە توشی گومان هاتبوون لەسەر مانڤێستی سەربەخۆیی خۆیان . وە ئەو دەولەتە ئەوروپیانەی کە لە دەستورەکانیان ئاماژەیانداوە بە ریفراندۆم وەك :

دەستوری ڤایماری ئەڵمانی ساڵی 1919      دەستوری نەمسای ساڵی 1920

دەستوری یۆنانی ساڵی 1920      دەستوری چیك و سلۆڤاکیای ساڵی 1922

دەستوری ئیسپانی ساڵی 1932 [3]. تێبینی ئەوە دەکرێت زۆربەی ئەو ریفراندۆمانەی کە ئەنجامدراون لەلایەن دەولەتان و بزووتنەوە رزگریخوازەکان بۆ کۆتایهێنان بووە بە داگیرکاری ، واتا ریفراندۆمیان وەك ئامرازێك بەکارهێناوە و پەناییان بۆ بردوە بۆ کۆتایهێنان بە دەسەلاتی داگیرکاری. گەر باسێك لە ریفراندۆمی هەرێمی کوردستانیش بکەین کە لە ساڵی 2017 ئەنجامدرا ریفراندۆمێکی سیاسی بوو تایبەت بە پرسی سەربەخۆیی.

---

1 د. عەدنان عەبدوللا رەشید ،سەرچاوەی پێشوو ، لا 5- 37

2 پارێزەر دلۆڤان رەمەزان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا 38 -39

3 تۆم گولبیری وەرگێرانی لە سویدییەوە ئیدریس ئیبراهیم گەلالەیی ، ریفراندۆم باشترین شێوازی خەباتە ، چاپخانەی رەنج- سلێمانی ، چاپی یەکەم سالی 2004، لا 8-9-14.

## جۆرەکانی ریفراندۆم

بەهۆی زۆری جۆرەکانی ریفراندۆم و بابەتی توێژینەوەکەمان بۆیە لێرە تەنها ریفراندۆم لە رووی بابەتیەوە رووندەکەینەوە ، وە جۆرەکانی ریفراندۆم بریتین لەمانەی خوارەوە :

یەکەم : ریفراندۆم لە رووی بابەتیەوە

أ / ریفراندۆمی دەستووری : ئەم ریفراندۆمە تایبەتە بە وەرگرتنی رای گەل سەبارەت بە دانانی دەستوور یان هەموارکردنی یان دانانی بابەتێکی دەستووری ، نموونە دەنگدانی خەلکی عێراق لەسەر پەسەندکردنی دەستووری سالی 2005 .

ب / ریفراندۆمی یاسایی : ئەم ریفراندۆمە تایبەتە بە وەرگرتنی رای گەل سەبارەت بە پرۆژە یاسایەکی ئاسایی یان هەموارکردنی کە دەردەچێت لە پەرلەمانەوە ، هەندێك لە دەستوورەکان ئەو بابەتەیان دیاری کردووە کە نابێت بخرێتە ریفراندۆمەوە وەك یاساکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوە- ئاسایشی دەولەت- یاساکانی لەناکاو وە هەندێ یاسای تر هۆکاری ئەوەی کە ئەم جۆرە یاسایانە ناخرێتە ریفراندۆمەوە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە بە نهێنی یان پێویستیان بە کەسانی شارەزاو پسپۆر هەیە یان پێویستی خێرا دەرکردن ناسراون .

ج / ریفراندۆمی سیاسی : ئەم ریفراندۆمە تایبەتە بە بابەتێکی سیاسی گرنگ واتا ریفراندۆمەکە تایبەت نییە بە یاسایەکەوە بەلکو وەرگرتنی رای گەلە پەیوەست بە بریارێکی گرنگ وە هەندێجاریش ریفراندۆمی گەلی کەسیشی پێدەلێن . وە ریفراندۆمی سیاسی کۆمەلێك شێوەی هەیە کە بە گوێرەی بابەتەکان ریفراندۆمەکە جیاواز دەبێت کە بریتین لە مانەی خوارەوە :

1.ریفراندۆم بۆ مافی بریاردانی چارەنووس : ئەم ریفراندۆمە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی دەولەتێکە بۆ مانەوە یاخود سەربەخۆیی ، واتا گەل بریار دەدات کە بمینێتەوە یان سەربەخۆ بێت . ئەم ریفراندۆمەش لەرێگەی چەند ئامرازێکەوەکەوە ئەنجام دەدرێت وەك لە رێگەی ریفراندۆمی گشتی یان لە رێگەی سەرکردایەتی بزوتنەوەیەکی ئازادیخواز بەهۆی سەرکەوتنی خەباتی چەکداری یان لە رێگەیی دانووستان و گفتوگۆ لەگەل حکومەتی ناوەند ، وە گرنگی ئەم ریفراندۆمە زیاتر لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی بەدیارکەوت پاش دروستبونی نەتەوە یەکگرتووەکان ، ریفراندۆمی مافی بریاردانی چارەنووس لەو دەولەتانەی کە لە دوایی جەنگی دووەمی جیهانی ئەنجامدراون وەك

- ریفراندۆمی سالی 1954 کەوا سودان سەرپشك کرا لە نێوان مانەوە لەگەل میسر یان سەربەخۆیی .

Commented [ar8]: نابێ لێرە بێت.

Commented [ar9]: لەم تەوەرە، باسیجۆرەکانی ریفراندۆم ئەکەی، تەنها لە کۆتایی ئاماژەت بە ١ سەرچاوەکردووە، ئەمەش لا رووی زانستی نابێت.

Commented [ar10]: مان زیادە لاییدە.

Commented [ar11]: رووندەکرێتەوە.

- ریفراندۆمی سالی 1962 لە جەزائیر بۆ وەرگرتنی رای گەل بە مانەوە لەگەل فەرەنسا یان سەربەخۆیی .

- هەروەها ریفراندۆمی سالي 2011 لە باشووری سودان بۆ وەرگرتنی رای گەل سەبارەت بە مانەوە لەگەل سودان یان سەربەخۆیی .

2.ریفراندۆم بۆ هەڵبژاردنی سیستەمێکی حوکمرانی . 3.ریفراندۆم بۆ چوونە ناو پەیمانامەیەکی نێودەوڵەتی

4. ریفراندۆمی ناوبژیوانی گەل . 5. ریفراندۆمی بۆ زیادکردنی دەسەلاتی راپەراندن.

6. ریفرانۆم بۆ کاری کارگێری. 7. ریفراندۆمی دارایی. 8. ریفراندۆمی لادانی سەرۆك کۆمار.

9. ریفراندۆمی کەسی تایبەت.........هتد .

دووەم : ریفراندۆم لە رووی ئەنجامدانیەوە أ ریفراندۆمی ناچاری ب ریفراندۆمی بە ئارەزوومەندی

سێیەم : ریفراندۆم لە رووی ئەنجامەوە أ ریفراندۆمی پابەندی ب ریفراندۆمی ناپەبەندی

چوارەم : ریفراندۆم لە رووی کاتی ئەنجامدانی أ ریفراندۆمی پێشینە ب ریفراندۆمی پاشینە

پێنجەم : ریفراندۆمی لە رووی گشتگیریەوە أ ریفراندۆمی گشتی ب ریفراندۆمی سنوردار

شەشەم : ریفراندۆم لە رووی ئامانجەوە أ ریفراندۆمی فەرمی ب ریفراندۆمی دیراسی

حەوتەم : ریفراندۆمی یاسای گشتی هەشتەم : ریفراندۆمی دادوەری[1]

---

1پارێزەر دلۆڤان رەمەزان، سەرچاوەی پیشوو،لا45 تا54